# شاری کەرکوك لەگەمەی نوسینی دەستوردا

***عبدالله مەحمود***
abdulla.mahmud@gmail.com

لەدوای روخانی ڕژێمی بەعسەوە شاری کەرکوك کراوەتە سەنتێزی کێشمەکێشکی خەتەرناکی بێوێنە لە نیوان ناسیونالیزمی کورد، ناسیونالیزمی عەرەب و تورکمان و ئیسلامەوشیعەی سیاسی،"کەرکوك شارێکی عەرەبیە""کەرکوك قودس و دڵی کوردستانە""کەرکوك شارێکی تورکمانیەو تا ئەبەد تورکمانی ئەمێنێتەوە" ئەمانە دروشمی هەرکام لەناسیونالیزمی عەرەب و کوردو تورکمانن، کەهەرکام لەو بزوتنەوانە لەرێگای بەدەستەوەگرتنی ئەم دروشمانەوە ئەیانەوێ ناسنامەی قەومیەتی خۆ بدەن لە شاری کەرکوك و ناسنامەی قەومی بە باڵای ببرن.

ئەگەر ئەم دروشمانەو ئەو خاوەندارێتی یە جۆراوجۆرانە، مێژوویەکی هەیە، هەریەك لەم بزوتنەوانە، دیکۆمێنتی جۆراوجۆریان بۆئەوشارە داتاشیوە، ئەوا لەهەر برگەو دەوریەکی سازان و سات وسەودای نێوانیاندا بۆ بردنی بەشی زیاتر لە دەسەڵاتی مەرکەزیوکورسی زۆرتر، کەرکوك دەکرێتە سەنتیزو خاڵی بەیەکدادان و بەریەککەوتنی هەرکام لەو بزوتنەوە کۆنەپەرستانە، لە گەمەی دەستوری کاتی بۆ قۆناغی گواستنەوە، لەگەمەی هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستاندا، لەگەمەی وەرگرتنی پۆستی سەروک کۆماریدا، لەکێشمەکێشی نیوان یەکێتی و پارتیدا، ئیستاش لەگەمەی دوبارەی دارشتنەوەی دەستوردا، کەرکوك هێنراوەتەوە مەیدان، هەریەك لەم بزوتنەوانە بەهەگبەی فاشیستی و شۆفینستی و نەژادپەرستیەوە، لەژێرناوی بەرگری و دڵسۆزی نواندن بۆ کەرکوك ژەهراوی قەومچێتی و تایفەچێتی بڵاودەکەنەوە.

ئێستا کە گەمەی دارشتنی دەستور بەرێوەیە، بەرزکردنەوەی ئەم دروشمانەی سەرەوە، کەهەرلەیەك لەم بزوتنەوانە کەرکوك بە هی خۆیان ئەزانن، تەنها باسی دیکۆمێنت سازی نیە، تەنها دروشم نین، وەتەنها مێژوو ئاودیوئاودیوکردن نیە، تەنها نیشاندانی رەمزەکانیان نیە، تەنها قیافەی سرودە دڵکونکەرە ئینسانیەکان نیە، تەنها باسی جغرافیا و جیۆپۆلیتیکی ئەم شارە نیە، تەنها....بەڵکو باسی گێرانەوەی ئەم شارەیە بۆ باوەشی دایك!!. هەریەك لەم بزوتنەوانە کەرکوك بە بەشێك لە نیشتمانی دێرێنی خۆیان و خەڵکەکەشی بە بەشێك لەنەتەوەی ڕەسەنی خۆیان پێناسە دەکەن، هەریەکەیان دایکێك بەڕەسەن و دوانەکەی تر بە "زر" ناوزەد ئەکەن.

کێشمەکێشی نێوان ئەم خیزانە بورژوازیە لەسەر کەرکوك، زورجار کارەساتی دڵتەزێنی بەدواوە بووە، بەڵام هیچ کام لەکارەساتەکان، دەرهاویشتەی قانونمەندی خۆرسکی کۆمەڵایەتی نەبوون، دەرهاویشتەی دوژمنایەتی نێوان دانیشتوانی شارەکە نەبووە، بەرهەمی بەیەکەوەهەڵنەکردنی خەڵکەکەی نەبووە،تەنانەت ئەوکاتەی بەعس لەوپەری دەسەڵاتدا بووە، سەرباری هەموو هەوڵێکی بۆشۆرکردنەوەی ململانێ ی خۆی لەگەڵ بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کوردو حزبەکانی بۆ ناوخەڵکی کەرکوك و بەگژیەکداکردنیان، مایە پوچ دەرهاتووە.

بەڵام لەوکاتەوە ئەم رژێمە درندەیە گۆڕ بەگۆڕبووە، لەجیاتی ئەوەی برینی جەستەی ئەم شارە هەتوانباران بکرێتو ئاسەواری ناسیونالیزمی عەرەبی لەدەسەڵاتکەوتووی لەسەر وەلابنرێت، لەئاکامی نەبونی دەوڵەت و حکومەت و یاسای متەمەدینانەو لەئاکامی مەیداندار‌بونی بزوتنەوەکۆنەپەرستە قەومی یەکانی کوردو عەرەب، بەقەومی و ئیسلامی و شیعە سیاسیەکەیەوە، ئەم شارە کەوتۆتە بەرشاڵاوی فاشیزمی قەومی کوردو عەرەب وشیعەی سیاسی یەوە، هەرکام لەو بزوتنەوانە بەنەخشەوە کەوتونەتە گیانی ئەم شارەو دانیشتوانەکەی، کەرکوك کراوەتە کارتی سات و سەوداو رەمزی یەکلاکردنەوەی ململانێی نێوانیان.

ئەم بزوتنەوانەو ئەم باڵانەی بورژوازی سەرباری ئالوگۆڕ لە مەودای نفوز و پانتایی قەڵەمرەوی سیاسییان، هەمیشە سەرچاوەی ئەو مەرگەساتانە بوون کەبەسەر شاری کەرکوکدا هێنراوە، پێم وانیە کەسێك هەبێت نەزانێت کە ناسیونالیزمی عەرەب چی بەسەر ئەم شارە هێناوە؟ و چۆن هەوڵیداوە بەهەموو شێوەیەك سیمای ئەم شارە و دیمۆگۆافیاکەی بگۆڕێت، و خەڵکەکەی بەزۆر بەعەرەب بکات؟ بەبەعسی بکات؟ وە ڕاگواستنی دەیان هەزار خێزانی کورد و ئاوارەکردنیان نەبینێت؟ دیارە ئەمە لە چوارچێوەی سیاسەتی شۆفینستانە و سەرکوتی سیاسیدا. ئێستاش هەوڵەکانی ئەم ناسیونالیزمە لەدەسەڵاتخراوە لە شێوازی تری قەومپەرستی عەرەبیدا و لە لایەن قوتابیانی بەعسی وەکو عەلاوی و یاوەروچەلەبی بەرامبەر بەخەڵکی کوردستان و خواستی ریفراندۆم و جیابونەوە .......بەردەوامە. ئەوە باسی شیعەی سیاسی و لەچەشنی مەجلس ئەعلی ئیسلامی و دەعوەو....دەیان دەستەوتاقمی تر ، سەبارەت بەکەرکوك و کێشەی چارەسەنەکراوی خەڵکی کوردستان و هەڵواسراومانەوەیەدا لەهی ناسیونالیزمی عەرب کۆنەپەرستانەترە، فاشیزمی ئیسلامی هەمووان وەکو برا! دەبینی، باسی ریفراندۆم جیابونەوە و تەفرەقەی نیوان خەڵکەو ئیرادەی خەڵکیش مانای نیە چونکە بەپیێ حوکمی قورعان و شەریعەت  هەموان ملکەچی ئیرادەی ئیلاهین.

ناسیونالیزمی کوردیش بەجیا لەناکۆکی نێوان خۆیان لەسەرکەرکوك بۆخۆلکردنە چاوی خەڵکی کوردستان  یەکێکێان دڵ و ئەوی تر قودسی بەسەرابڕیوە، کەچی ئەوەندەی بۆیان کرابێت لەدژی خەڵکی ئەم شارە درێغیان نەکردووە، تائێستاش ئاوارەکانی دەستی بەعس چ لەهەولێرو سلیمانی وسۆران، و چ لەناوشاری کەرکوکدا هەر ئاوارەو بێخانەو لانە و موحتاجی سەرەتاییترین پێداویستیەکانی بەرێوەچونی ژیانن، تەنانەت لەسەر ئەم دەریای نەوتە زستانان محتاجی چەند دەبە نەوتن. ئەوە بەجیا لەوەی میراتگرانی کوردبونی کەرکوك سوپای پاسدارانیان بۆ سەرکانگای"زێڕ!!"ی قودس پێشلەشکری کرد، وە ئەوانەیش کە خۆیان بە میراتگری تورك بوونی کەرکوك لەقەڵەم ئەدەن، جگە لەمیراتگرانی ئەتاتورك و میتی تورکی زیاتر نین.

هەرکام لەم بزوتنەوە کۆنەپەرستانە کارنامەیان هەمان کارنامەی بەعسە، لێ بەئەندازەی توانایان ممارەسەی دەکەن، ببینن، بەئیسلامی کردن و بەسەدرکردن، بە پارتی کردن و بەیەکێتی کردن، بە عروبەکردن، و بەبارمتەگرتنی پاروی دەمی خەڵك بۆ ملدانیان بەهەرکام لەوانە، چی لەوەی بەعس جیایە؟ کارەستکەوتن و دامەزراندن بە تەزکیەی هەرکام لەو لایەنانە، چی لەسیاسەتی بەعس کەمترە؟ دەرکردنی کوردزمانەکان لە پۆست و وەزیفەکانیان، کەئەم ماوەیە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتەکەی

جەعفەریەوە ڕاگەیەنرا، و دەرکردنی ئەو عەرەب زمانانەی دەیان ساڵە لەوشارەدان" بەوانەشەوە کەبەعس بە ئیمتیاز هێناونی" دەرکردنیان و کوشتاریان و هەرەشە لێکردنیان،لەلایەن ناسیونالیزمی کوردەوە،و کردنەوەی حسەینیەکان و پەرەدان بە دەمارگیری مەزهەبی ....تاد،لەلایەن شیعەی سیاسی یەوە، مەگەر ئەمانە هەموویان فاشیزمی بەعسیزمی قەومی و ئیسلامی دەرهاویشتەی شەرو داگیرکاری ئەمریکاو سیناریۆ رەشەکەی نین؟

ئێستا کە باسی دەستورهێنراوەتەوە پێشەوە، روبەدەرەوە هەر ئەم لایەن وهێزانەی سەرچاوەی مەرگەساتەکانی کۆمەڵگای عیراق بەگشتی وشاری کەرکوکن بەتایبەتی، روبەدەرەو بە مەبەستی گێژکردنی خەڵك و خۆڵکردنەچاویان،و بەمەبەستی سات وسەوداو کورسی زیاتر لەدەسەلاتی مەرکەزیدا، هەریەکەیان خەریکی هەڵوەراندنی فرمێسکی درۆینەن بۆ خەڵکی شاری کەرکوك و خاك و ئاو نەوت و مێژووەکەی، لەژێریشەوە و تەنانەت بەئاشکراش خەریکی پلاندانان و پلان بارانن بۆ خەڵکی عیراق و کەرکوك، پلان ئەوەیە کەدەیانەوێ قوربانیانی کوردزمانی دوێنی بکەنە جەلادی ئەمرۆی خەڵکی عەرەب زمان، و عەرەب زمانەکانی قوربانیانی دوێنێش بکەنە جەلادی خەڵکی کووردزمانی ئەمرۆ و تورك زمانەکانی قوربانیانی دوێنی بکەن بە جەلادی خەڵکی ترو وەکیلی دەوڵەتی شوفینستی توکیا......و کێشەو تەفرەقەی قەومی و بەیەکدادانی قەومی بکەنە دێوەزمەیەك بۆ هارینی دانیشتوانی ئەم شارە، لەوانەش واوەتر تەفرەقەی مەزهەبی سونەو شیعە پەرەپێبدەن و تۆوی چەندبەرەکی وەکو فایرۆسی کوشندە بکەنە دیاری خەڵکی زولم لێچوو بریندارى شاری کەرکوك. بۆ ئەومەبەستە گلاوانەشیان، پارەهەڵرشتن، پارەی دزروای قوتی خەڵکی، و دەزگای هەزارسەری راگەیاندنیان خستۆتەگەر تا ئینتمای نەتەوەیی ببەخشنەوەو بکڕن و دانیشتوانی ئەم شارە بکەن بەگژیەکتریداو سەرئەنجام بیکەن، بەعەشوەی بۆمبە ماڵوێرانەکەرەکانی دەورەی ئایندە.

باسی یاسایی کردنەوەی باری شاری کەرکوك و برگەی 58 ی یاسای کاتی بۆ قۆناغی گواستنەوە"سەرباری تەرەدودو پەشیمانی و پەنجەگەزینی هەندێکیان" گەرم کراوە، گوایە ئەم برگەیە زەمانەتی گێرانەوەی باری ئاساییە، چ درۆو بێشەرمیەکە؟ یاسای بەرێوەبردنی کاتی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە، بنەما ئەساسیەکەی دینچیتی قەومگەرایی و تایفەچیتی یە، و لەسەربنەمای تەوافق و لەسەروی خەڵك مۆرکراوە، و خۆی هەڵگری باری نائارامی شاری کەرکوك و تەواوی خەڵکی عیراقە، کەچی بێشەرمانە دەڵێن ئەم یاسایە زەمانەتی ئایندەی شاری کەرکوکەو بەتایبەتی ناسیونالیزمی کورد دەڵێن ئەمە مساوەمەی لەسەر ناکرێت!!"ئەهلی مساوەمە نین!"

باری نائاسایی شاری کەرکوك خۆی بەرئەنجامی لەمەیداندابونی هێزەکۆنەپەرستە قەومی ودینیەکانی کوردو عەرەب و تورکمان و داگیرکاریە، ئەگەر بریار بێت ئەم شارە ئارامی بەخۆیەوە ببینێت پێش مەرجەکەی دەبێ ئەو هێزانە و میلیشیاکانیان لەوشارە بکرینەدەرەوە، ئەوکات دەبینین، خەڵکی شاری کەرکوك کێشەیەکیان لەگەڵ یەکتر نیە، وەکو هەمیشە هاوسێ و هاودوکانن، هاوخوێنکارو هاوکارمەندن و مناڵەکانیان بەیەکەوە یاری ئەکەن، کرێکارەکان لە ژێر یەك سەقفدا کارئەکەن، و بەیەکەوە جەژن و شین ئەگێرن.

گێرانەوی باری نائاسایی کەرکوك لەگرەوی ئەوەدایە:

1- بنکەو بارەگای چەکداری حزبەکان لەشار بچنەدەرەوە، دەسەلات و بەریوە بردنی شار بدریتە دەستی نوینەرانی هەلبژیردراوی ئازادانەی خەلکی ئەوشارە خۆی.

2- خەڵکی راگویزراوی دەستی بەعس ئازادبکرین لەوەی کەدەیانەوێ بگەرینەوە بۆ کەرکوك یان نا، بە قەرەبوکردنەوەی زیانەکانیانەوە.

3- خەڵکی عەرب زمان، بەهەرهۆیەکەوە هاتبن یان هینرابێتن، ئازادبن لەوەی دەمینەوە یان نا، بەقەرەبوی زیانەکانیانەوە.

4- دادگای کردنی هەموو ئەوانەی دەستیان لەسەرکوت، شکنجە،....بووە، لەدادگایەکی جەماوەری ئاشکرادا، بەعەرەب و کوردو تورکمانەوە.

5- دابین کردنی شوینی نیشەتەجی بوونی شیاو بۆ ئەوخیزانانەی کە دەگەرینەوە. بەکوردو عەرەبەوە.

6- وەسەرئەنجامیش بەرەسمی ناسینی ریفراندۆم بۆ خەڵکی ئەوشارە بۆ ئەوەی بەئازادانە لەهەلومەرجێکی سالم و دور لە هیزی چەکدارو هەرەشەی دەرەکیدا، و لەژێرچاودێری مەرجەعە نێودەوڵەتیەکان بریاری مانەوە لەگەڵ عیراق یان جیابونەوەیان وپەیوەست بونیان بەکوردستان و بەوریفراندۆمە سەراسەریەی کە دەبی سەرئەنجام لەکوردستان بەریوە بچیت، بدەن.

7- ...........

8- ...........

سەر ئەنجام ماوە بلێم، ئەگەر کەرکوك وەکو زۆرێك ئەلێن وەکو مێشك وایە و ئەبێت نەشتەرگەری وردی بۆبکرێت، هۆکەی دانیشتوانی شارەکە نین، هۆکەی یاسای کۆنەپەرستانەی بزوتنەوەکۆنەپەرستەکانە، هۆکەی بونی ئەو بزوتنەوانەیە کە فایرۆسی قەومچیتی و دینچیتی و تایفەچیتی بلاودەکەنەوە، و هێزی چەکداریان بەسەرسەری ئەم خەڵکەوە راگرتووەو بۆمبارانی راگەیاندیان بۆ خستۆنەتە گەر، ئەگەر دەستی ئەم بزوتنەوانەو داگیرکاری لەسەریان کۆتابکرێت، نەشتەرگەر پێویست نی یە، شوێنی ژیانی هەموانە بە ئاسودەیی.

2005-6-14